# یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢
# یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٥**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/١١/٢٦**

## «بڕیار»

بە پێی حوکمەکانی برگە «١» لە ماددەی پەنجاو شەش لەیاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراوداو لەسەر داواکاری ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/١١/٢٥دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە «١٠»ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢
## (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد)

**ماددەی یەکەم:**

کار بەیاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ «یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد» رادەگیرێت تاوەکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی دووەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی کە لە یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەندا هاتووە.

١ـ دەرکردنی فەرمانی راسپاردن «تکلیف» بۆ ئەوکەسەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق رای دەسپێرێ بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی راپەڕاندن.

٢ـ فەرماندان بە دامەزراندنی دەسەڵاتی راپەڕاندن دوای متمانە پێدانی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە.

٣ـ دەرکردنی ئەو یاساو بڕیارو پێڕەوانەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی رەزامەندی لەسەر داون.

**ماددەی سێیەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ئەم کارانەی خوارەوە سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی کە لەیاسای ژمارە «۳»ی ساڵی ۱۹۹۲، «یاسای ئەنجوومەنی وەزیراندا» هاتووە:

١ـ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن و لە کار لادانی (اعفاء) خاوەن پلە تایبەتەکان (اصحاب الدرجات الخاصة) و گەورە فەرمانبەران (کبار الموظفین) و پەسند کردنی دەستکێشانەوە (استقالة)یان بەپێی پێشنیار کردنی لەلایەنە پەیوەندارەکانەوە.

٢ـ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندنی قازی و دادوەران ئەوانەی ئەنجوومەنی دادگەری بڕیاری دامەزراندنیان دەدات.

٣ـ بانگهێشتن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە پێی یاسا لەماوەی «١٥» پانزە رۆژدا لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجوومەن، یاخود بە دەرچواندنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی.

٤ـ راستاندنی (تصدیق) بڕیارەکانی لەسێدارەدان (اعدام) و سووک کردنیان.

**ماددەی چوارەم:**

ئەوانەی بەپێی ئەم یاسایەوە دادەمەزرێندرێن کە فەرمانەکانیان پێویست بکات دەبێ سوێندی یاسایی لەبەردەم سەرۆکی وەزیراندا بخۆن، جگە لەوانەی سوێندخواردنیان بە پێی یاسا کارپێکراوەکانەوە لەبەردەم وەزیری تایبەتمەند دەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

قازی و دادوەران و ئەندامانی دەستەی داواکاری گشتیی سوێندی یاسایی لە بەردەم ئەنجوومەنی دادگەریدا دەخۆن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی دژ بە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

لایەنە پەیوەندارەکان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەخۆ دەگرن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**